# لیمۆ ژن

limo jin



ئیسماعیل خورماڵی

2009

خۆت لە ئێوارە و پەسێوی دڵ ڕەقییەک مەدە ، لیمۆ

کە دڵت وەکوو ئاونگ عەیشی سەرگەڵای بێدەنگیان بە نەعلەت دەکا

خۆت لە بوولێڵی سپیدەیەک مەدە ، لیمۆ

وەک ئاو خۆت لە مەرکانی سێوەرێ مەنێ ، لیمۆ

کە سێوت بە لاسک و سەر چڵی سەوزەوە

مەیلی پەنجە و مەیلی دەستی مەجنوونێ لە دۆزەخ دەکا

کچێ لیمۆ ، ئەی ئاودارترین مەخلووقی دنیا

وەکوو مینا خۆت لە جەمالی ئەو باڵکۆنە مۆرانە مەشارەوە

عەسرانێ بە ستیانێکی هەڵخراوی سەر تەناف و

بە ژێرەیەکی پەمبەی هەڵخراو و بە عیشوەیەکی سەوزەوە

بارانێکت لە ختووکە ،

دەنایە باوەشی کێڵگە باوەشێ

باوەشێ کە پڕ بوو لە هەڵوژەی ئاگر

باوەشێ کە پڕ بوو لە گمەی مووچڕکە

باوەشێ کە پڕبوو لە مردنی پیرۆز

کچێ لیمۆ

باوەشی عەشق چۆڵ مەکە

سەراسێیت

بە جەنجاڵی و بەعەجوولی ئەو ڕۆژانەی عەشق بەڕەوە

ئەو ڕۆژانەی لە ژووانێکدا

یەخەت بە بای پەنجە دەکەوتە کەرویشکە و

کۆترە مەمت بۆ سەرچڵی دەست و پەنجەی یار هەڵدەفڕی و

هەناسەت وەک چۆڕاوگەی ئاو دەچۆڕایە دەمی لاسە هاوڕێ و

بێدەنگ بێدەنگ ،

وەک لۆکەی دەمی قۆزاخەی لە بارانا تەڕبوو

تەڕ دەبوویت و تەڕ دەبوویت و لەوورتە وورتێکی جواندا

دەتووت خودا مردن هەڵدەبژێرم و ئەمجارە دڵت ناشکێنم

دەتووت خودا مردن هەڵدەبژێرم و تۆش دڵم مەشکێنە

مردن هەڵدەبژێرم و ئاگری ئەو پیاوە هەڵدەبژێرم و خودا تۆش دڵم مەشکێنە

کچی لیمۆ ،

سەراسیێیت بە جەنجاڵی و بە عەجوولی ڕۆژانی عەشق بەرەوە

خۆ دزینەوە لە عیشق ، تەسلیم بوونە بە مردن

مردنێ کە ئاسەوارێ جێ ناهێڵێ

مردنێ کە پڕە لە هیچ

مردنێ کە پڕە لە هەڵاتن

بەڵام کچێ تۆ وامەکە

هەڵاتن لە ڕۆژی عیشق

هەڵاتنە لە ڕۆژە گەرمەکانی خوا

هەڵاتنە لە ڕەنگە گەرمەکانی ژن

کارێ مەکە ئەی ژن ، دەستمان بچێتە خوێنی یەک

با نەبین بە گەڵا کەلامی خوڕەی ئاوی درۆیان

با   با  له  یەک نەکەین بە دوژمن و سەرەخۆرەی یەکتر

تازە لیمۆ

عەشق هات و

عەشق گەشتە

هەیوانی دڵ

بۆ کویّ دەڕۆی

نە تۆ دەتوانی لە شیعر و زمانی من هەڵبێی

نە من دەتوانم لە خەیاڵی تۆ هەڵبێم

نە من دەتوانم لە مەلوولیت هەڵبێم

نە تۆ دەتوانی لە ئاگری ئەو شەوە نەجاتت بیّ و

نە من دەتوانم درۆ لە گەڵ خەیاڵ و قەڵەمدا کەم

نە من دەتوانم ، لە دەفتەری لەززەتێکدا

جیّ پێی خۆشاوترین شەوی عوومر بسڕمەوە و

نە تۆ دەتوانی لیمۆ گییان

لە بەر لیمۆی خەیاڵی ئەو شەوەدا خۆت ڕاگری و

وەکوو ئەوەی لە بەردەمتا لیمۆیەک ڕووت کەنەوە

ئاو نەڕژێتە دەم و لەشت

نە منیش دەتوانم باوان شێواو

نمەی سوێر و بۆڵی مەم و گەزۆی گەمە و

باران و خوڕەی هەناسەت لە بیر بەرم

ئاخەر چۆن چۆن بتوانیین هەی باوانەکەی شیعر

درۆ لە گەڵ هەنگوینی ئەو شەوە دا کەین

درۆ لە گەڵ مانگی نیوەشەوی عەشقدا کەین

درۆ لە گەڵ ڕووتبوونەوە و

درۆ لە گەڵ جریوەی مەمی ناو گەڵای ستیاندا کەین

درۆ لە تەک تەنکە جلی ژێر و

درۆ لە تەک ماسی لەشدا بکەین

درۆ لە تەک هەمس و

درۆ لە تەک ترسی موبارەکدا بکەین

ئاخەر لیمۆ ، هەی لیمۆ ژن ، چۆن بتوانین

چۆن بتوانین

درۆ لە تەک بەڕەزای کوێستانی ژن و

ڕێواسی ئاو داری پیاودا بکەین

چۆن بتوانین درۆ لە تەک گۆرانی مەساتایەتییەکدا کەین

گۆرانییەک وەک ئاشقە و ماشقە گرێی دەداین

گۆرانییەک لە لەزەتدا دەیکردین بە کڵافەی گۆشت

گۆرانییەک کە سەری دەناین بەلاسەری یەکەوە

گۆرانییەک کە دەمی دەناین بە لا لەشی یەکەوە

سوبحانەڵڵا

دەبووین بە نیشتیمانی ئاڵییەتی و

هەر لە خۆوە

دەممان پڕ دەبوو لە سکڵی جەهەنەمم و

دەممان پڕ دەبوو لە ئاقیقی جەننەتی ژیان

گۆرانییەک

کە باعیسی جەننەتی خاوبوونەوە و

هەڵدانی دواین چۆڕی شەرابی شەو بوو شەو

گۆرانییەک

کە باعیسی تەڕبوونی ڕۆح و تەڕبوونی لەش بوو

گۆرانییەک

کە باعیسی هەڵکردنی بای ڕووتەنی و بای ئاگر بوو ئاگر

ئیتر لیمۆ ،

هەی لیمۆ ژن ،

بڵێ بڵێ

چۆن دەتوانی جەننەتی شەوێک لە یادکەی

شەوێک لیمۆ

شەوێک کە ئاومان بە لیمۆی یەکەوە نەهێشت

شەوێک لیمۆ

شەوێک کە چڵمان بە سەر چڵەوە نەهێشت

شەوێک لیمۆ

شەوێک کە لە تـاو ڕاژەنین

وەک گوڵ  لە بەر بادا ، خۆمان بە  پێوە نە دەگرت

وەک کلووی باریوی مەغریب ، وا سەما بـا

لەگۆشەی جێیەکدا سرەوتمان نەدەگرت

ئیدی بڵێ چۆن بتوانم ،

هەی لیمۆ ژن

لەم جەنگەڵە تـاریک و بێ ئامانەدا

ئەدرەسی خاوبوونەوەی ئەو شەوە و

شیلە و تەڕایی سەر زمانی ئەوشەوە و

نووری هەوەسی ڕژاوت

لە یاد کەم من

بڵێ چۆن چۆن ،چۆن بتوانم ئەی لیمۆ ژن

بڵێ چۆن چۆن ؟

کە من نیوەم بووە و بە تۆ و

کە تۆ نیوەت بووە بە من

بڵێ چۆن ؟؟

ئەڵمانیا/ 2009